# شەڕی شەش ڕۆژەی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧

خاڵی وەرچەرخانی شکستی عەرەبی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا (بۆچی عەقڵییەتی عەرەب شەرم لە هیچ ئەزموونێکی مێژوویی ناکات)

مەحمود چاوەش

لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧دا سوپای ئیسرائیل شکستێکی وێرانکەری بە میسر و ئەردەن و سوریا و وڵاتەکانی تری عەرەبدا هێنا، کە لە مێژوودا بە شکستی عەرەبی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧ ناودەبرێت. کاریگەرییەکانی ئەم جەنگە تا ئەم ڕۆژگارەش هەستیان پێدەکرێت. مێژوونووسان باش جەمال عەبدوڵناسری سەرۆکی ئەو کاتەی میسریان وەبیردێت، کە سوپای میسر، هەروەها سوپای ئەردەن و سوریاشی دژی ئیسرائیل خستە ژێر زەنگی ئاگادارییەوە. ئەو خۆی بە پاڵەوان و ڕزگارکەری "نەتەوەی عەرەبی" دەزانی و پێی وابوو، کە دەوڵەتی ئیسرائیل لەناو دەبات و جووەکان لە وڵاتی خۆیان وەدەردێنێت و لە جێگەی ئەواندا عەرەبە فەڵەستینییەکان هاوردەی شاری پیرۆزی قودس دەکات. خەونی پیاوێک، کە لە جەنگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧دا بەهەدەر چوو، لێ ئەو دەیخواست نەتەوەی عەرەب لەژێر کاریگەری کۆلۆنیدا دەربهێنێت و "نەتەوەیەکی عەرەبی یەکگرتوو" بەدەسبهێنێت. چ خەونێکی خۆشی ئەو بوو، جووەکان جارێکی تر ڕووبەڕوی هۆلۆکۆسێکی تر بکاتەوە. چ تەوس و گاڵتەجاڕییەک بوو، خەونەکەی ئەو لە ماوەی شەش ڕۆژدا بە فیڕۆ چوو. هەر لە ڕۆژی یەکەمی هێرشی هێزە ئاسمانییەکانی ئیسرائیلدا بۆ سەر میسر، شکستی سوپای میسری زۆر بە ڕوونی دەرکەوت. لەبری ئەم خەونە سوپاکەی لە ٥ مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧دا، لە کاتژمێژی هەشتی بەیانیدا، گەورەترین شکستی لە مێژووی ئەو وڵاتەدا بەسەرهات. جەمال عەبدوڵناسر پاش ٣ ساڵ بە جەڵتەی دڵ دەمرێت، وەک دەڵێن لە ئەنجامی "دڵێکی شکاو"ەوە، تەمەنی تەنها ٥٢ ساڵ بوو. ئەو هێندە لە خۆی و

سوپاکەی ڕازی بوو، کە بتوانێت لە ماوەیەکی زۆر کەمدا خەونەکانی بەدیبهێنێت، وەلی خەیاڵی خاو بوو، هەڵەی لە هەڵسەنگاندنی دۆخەکەدا کرد. ئەو بۆ ئەم مەبەستە دانیشتوانی گوندەکان لە جوتیار و کرێکار وەک یەدەگێک بۆ جەنک دیاری کردبوو، کە ئامادەییان بۆ مەشقی سەربازیی نەکردبوو. دیارە جەمال عەبدوڵناسر بیری لە دەرئەنجامەکانی ئەم جەنگە دژی ئیسرائیل نەکردبۆوە، کاتێک داوایان لە سەربازەکانی یوئێن (UN) کرد، سنوورەکان بەجێبهێڵن. میسرییەکان بە کارمەندێکی باڵای یوئێنیان وتوبوو، نیگەران مەبە سبەی لە تەلئەبیب پێکەوە نانی بەیانی دەخۆین. ئەمە هەر مێژووی دۆنخیشۆت و لەخۆباییەکانی مێژوومان وەبیر ناخاتەوە، بەڵکو مێنیاڵیتی و عەقڵییەتی نەتەوەی عەرەبمان بۆ ئاشکرا دەکات، کاتێک کە خۆیان بە هێز و زلهێز دەزانن پێیان وایە مرۆڤەکانی دەوریان هێندە لاوازن، کە بە پێڵاوەکانیان سەرکوتیان بکەن، پێچەوانەکەشی زۆر ڕوونە، کە لە کاتی تەنگانەدا داوای یارمەتی و پاڕانەوە و "بۆ خاتری خوا و پێغەمبەرەکەیان" دەکەن. عەبدوڵناسر هێزە سەربازییەکان و دانیشتوانە هەژارەکەی میسری کردە قوربانی لوتبەرزی و لەخۆباییبوونی خۆی. هەر بەوەشەوە نەوەستا، بەڵکو هانی مەلیک حسەینی ئەردەن و سوپای سوریاشی دا، پشتیوانی لە پلانەکەی بکەن. هەموو وڵاتانی عەرەبی لەسەر شەقامەکان چەپڵە و هوتافیان بۆ جەمال عەبدوڵناسری سەرۆکی ئەو کاتەی میسریان لێدەدا، بە عێراقی عەرەبیشەوە. هەموو شانازیان بە جەمال عەبدوڵناسرەوە وەک ڕێخەری یەکگرتنی نەتەوەی عەرەب دەکرد. پڕوپاگەندەی وڵاتە عەرەبییەکان دژی ئیسرائیل و جووەکان هێندە بەهێز و کاریگەر بوو، کە جووەکانی ئەوروپا لە ڕوخانی دەوڵەتی ئیسرائیل دەترسان. فشە و فیشاڵی وڵاتانی عەرەبی هێندە بەرز و سەیروسەمەرە بوو، کە وایان بۆ جیهان دەردەخست، کە ئیسرائیل لەسەر نەخشەی جیهان نامێنێت و جووەکانیش لەو دەڤەرە ئاوارە دەکەن و هەڵیان دەدەنە دەریاوە. ئیسرائیلیش هەلی مێژوویی خۆی بەهەدەر نەدا و جەنگەکەی لە بەرژەوەندییەکانی خۆیدا کردە جەنگی بەرگری دژی توانەوەی جووەکان. ئیسرائیل کە ئاگاداری ئەم پلانەی جەمال

عەبدولناسڕ و وڵاتانی تری عەرەبی بۆوە، کەوتە خۆئامادەکردنی سوپاکەی لە هەموو بەرەکانی جەنگدا. **لیڤی ئەشکۆڵ**، سەرۆک وەزیران و وەزیری بەرگری ئەو دەمەی ئیسرائیل هەوڵی دەدا ئەم جەنگە ڕوونەدات و بە شێوەی ئاشتیخوازانە چارەسەر بکرێت، ئاخر ئەو دەیزانی ئەو جەنگە چ وێرانکەرییەک بۆ هەردوو لایەن دەخوڵقێنێت و سوپای ئیسرائیلیش چەند بەتوانایە، بەڵام لایەنی جەمال عەبدولناسڕ و وڵاتانی تری عەرەب بەمە ڕازی نەبوون و نەشیان دەتوانی لە بڕیارەکەیان پاشگەز ببنەوە. ئەو کاتەی وڵاتانی عەرەبی و سوپاکانیان هەڕەشەیان بە لەناوبردنی ئیسرائیل دەکرد، سوپای ئیسرائیل زۆر بە تەدبیر و هزری کۆنکرێتەوە ئەم هەڕەشانەی وەردەگرت و پلانەکانیان بە نهێنی هێشتەوە و هیچ گومانێکیان لە سەرکەوتنی خۆیان نەدەکرد. دواتر کە ناکۆکییەکان پەرەیان سەند، ناچار لیڤی ئەشکۆڵ دەستبەرداری وەزیری بەرگری دەبێت، چونکە ئەو نەیدەویست ترسی گەلەکەی لە جەنگ پشتگوێ بخات. دانیشتوانی ئیسرائیل داوایان لە لیڤی ئەشکۆڵ دەکرد جەنەڕاڵێکی سەربازی بکاتە وەزیری بەرگری ئیسرائیل، بۆیە ئەویش بڕیاری دا، موشە دایان بکرێتە وەزیری بەرگری.

سەرەتای مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧، لە بەرەبەیانی ١٩٦٧/٦/٥ دا، فڕۆکەکانی سوپای ئیسرائیل هێرشێکی چاوەڕواننەکراویان کردە سەر سوپای میسڕی، لەو کاتەی میسڕییەکان سەرقاڵی نانی بەیانی بوون و تەنانەت سیاسی و ناودارەکانی میسڕیش ئاگاداری ئەم هێرشە نەبوون. مەبەستی ئەم هێرشە ئاسمانییەی ئیسرائیل لەناوبردنی هەموو هێزەکانی بەرگری ئاسمانی میسڕ بوو، کە لە ڕاستیشدا لە ماوەیەکی کورتدا بە ئەنجامیان گەیاند. مارشاڵ ئەمیری کۆماندۆی سوپای میسڕ تازە خۆی ئامادە دەکرد بچێتە ناوچەکانی "سینا" بۆ ئامادیی جەنگێک، کە پێشتر لەلایەن ئیسرائیلەوە دەستی پێکردبوو. هیچ کۆماندۆیەکی سوپای میسڕی لەو باوەڕەدا نەبوو، ئیسرائیل لەو ماوە کەمەدا سوپای میسڕی بهێنێتە لەرزە. بەم شێوەیە هەموو هەڵەکان بۆ ڕاگرتنی ئەم جەنگ مەحاڵ بوون. لەماوەی سێ کاتژمێردا هەموو هێزەکانی بەرگری ئاسمانی میسڕ لەلایەن هێرشەکانی

ئاسمانی ئیسرائیلەوە تێکشکێنران. دواتر وەک ئاشکرا بوو، سوپای میسری خۆی بۆ ئەم هێرشە ئامادە نەکردبوو. پاش یەک کاتژمێر هێزەکانی سوپای ئیسرائیل بەرەو ناوچەکانی "سینا" دەجوڵێن. لەپاش لەناوبردنی هێزی ئاسمانی سوپای میسری هیچ شانسێک بۆ سوپای میسری نامێنێتەوە، بەرگری لە هێرشەکانی ئیسرائیل بکات. سەرباز و ئەفسەرەکانی سوپای میسری خۆیان لە بەرەکانی جەنگ دەکێشنەوە، بەبێ ئەوەی کەسێک ئاگاداری دانیشتوانی ناوچەکە بکات، سوپای میسری چ زیانێکی مێژوویی پێ کەوتووە. دانیشتوانی میسریش لەم کارەساتە ئاگادار ناکرێتەوە، کە چ زیانێکی گەورە بەر وڵاتەکەیان کەوتووە. جەماوەر میسری گەرم و گوڕن و لەسەر شەقامەکان سەما دەکەن و هوتافی سەرکەوتن بۆ خۆیان و سەرۆکەکەیان دووبارە دەکەنەوە، ئاخر دانیشتوانی میسر ئاگادار ئەو شکستانەی وڵاتەکەیان نەکرابوون. ئەمە چ مەهزەلەیەکی مێژوویی عەقڵییەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی مێنتاڵیتی عەرەبە، کە ڕووداوەکان و ڕاستییەکانی مێژوو بە ئارەزوی خۆیان هەڵدەگێڕنەوە. سەیر لەوەدایە، کە گەورەترین شکستی مرۆڤی و ئەخلاقی و ئابووری وڵاتێک لەبەر چاوی جیهاندا بە سەرکەوتن دەفرۆشرا. ئەمە کارەساتەکەیە، ئەمە کارەساتی مێنتاڵیتی عەرەبە، کە واقعی ڕووداوەکان بە ئارەزوی خۆیان دەشێوێنن. کاتێک سەربازە بەندکراوە میسرییەکان لە گۆڕەپانی جەنگدا گەڕانەوە، بێ ئەوەی یەک سەرباز لەلایەن سوپای ئیسرائیلییەوە بکوژوێت، ئەوجا گەلی میسر بۆی ڕوون دەبێتەوە، چ کارەساتێک بەسەر ئەو گەلەدا هاتووە. جەمال عەبدوڵناسر ناتوانێت لەوە زیاتر ڕووداوەکان بشارێتەوە، کە سوپاکەی چ کارەساتێکی بەسەردا هاتووە، ناچار دەبێت لە میدیاکانی وڵاتەوە دانیشتوانی میسر لە ڕوداوەکانی حوزەیران ئاگادار بکاتەوە و شکست و دۆڕانی جەنگەکەی بە ئاشکرا دەربخات. *گرفت و گرێکوێرەی ئەم مێژووە لەوەدایە*، کە ئیدی بەدووی ئاگادارکردنەوەیان لەم دۆڕانە سەدان هەزار هاووڵاتی میسری دەچنە سەر شەقامەکان و بە هوتاف دڵخۆشی سەرۆکەکەیان دەدەنەوە، کە پێشتر دڵی تەنگ و شکاوە. هوتاف لەکاتێکدا، کە وڵاتەکەیان خەڵتانی خوێن کراوە و سوپاکەیان شکێنراوە و گەلەکەشیان

هەژارتر وماڵوێران کراوە. ئەمە مۆراڵی مێنتالیتی و عەقڵییەتی عەرەبە، کە بە داخەوە تا ئەم ڕۆژگارەش لەسەر هەمان ئەقڵیەتە و پرۆسەی مێژوویی بەردەوامە (کاتێک بەهێز دەبن شمشێرەکەیان دەردەهێنن و ملت دەبڕن و پێڵاوەکانیان دەخەنە دەمتەوە، کاتێکیش لاواز و بێهێز دەبن دەکەونە پاڕانەوە و قورئانەکەیان دەردەهێنن و دەڵێن بۆ خاتری ئەم قورئانە، کە خۆشیان باوەڕیان پێی نییە).

شەش ڕۆژ جەنگ، هەزاران مرۆڤ لە پێناوی خۆبەزلزانی و لوتبەرزی جەمال عەبدولناسڕ و هاوپەیمانە عەرەبەکانیدا بوونە قوربانی ئەم جەنگە و زیانێکی گەورەی لە دارایی و گوزەرانی دانیشتوانی وڵاتێک دا، کە لەژێر هەژاری و بێدەرەتانیدا دەیناڵاند. ئێستاش پاش نزیکەی ٧٠ ساڵ تارمایی دێوەزمەی ئەم جەنگە بە سەر ناوچەکەدا دیارە. ٧٠ ساڵ تێپەڕی و هەمان مێنتالتی و عەقڵییەت بەسەیاندا زاڵە. بەڵی، دواتر "سەدام حسەین" یش هەمان هەڵەی مێژوویی دووبارە کردەوە و خۆی بە ڕزگارکەری "ئوممەی عەرەبی" دەزانی و دانیشتوانی ئەو ناوچەییەی خستە نێو چەند جەنگێکی کوشندانە و گەورەترین زیانی بە گەلەکانی ناوچەکە گەیاند. ئایا ئێمە، بە کوردیشەوە، لەم ئەزموونە مێژووییانەوە فێرنەبووین؟

هانۆڤەر ٢٠٢٦/١٠/١